# ڕەهەندەکانی سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا

22-11-2022

**نووسەرەکان**

زریان ڕۆژهەڵاتی

**کورتە :** لەکاتێکدا هێشتا مانگێك بەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق تێنەڕیووە، ئاساییە کە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بۆ دووبارەکردنەوەی پاڵپشتییەکەی بۆ سەرۆکوەزیرانی نوێ بێت، کە ڕەنگە خۆی دەورێکی کارای گێڕابێت لە هاتنەسەرکاری

## بەرایی

لە کاتێکدا هێشتا مانگێك بەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا تێنەپەڕیوە، ئاساییە کە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بۆ دووبارەکردنەوەی پاڵپشتییەکەی بۆ سەرۆکوەزیرانی نوێ بێت، کە ڕەنگە خۆی دەورێکی کارای گێڕابێت لە هاتنەسەرکاری، ئەویش لەڕێگەی هاندانی پارتەکەی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت. بێجگە لە پرسەکانی پەیوەندییەکانی هەردوولا، هەنووکەییترین ڕووداوێك کە دەتوانێت ڕەنگ بە دانوستاندن و دیدارەکانی بارزانی بدات لە بەغدا، ئەو تەگەرە ئەمنییانەیەن کە بەو دواییانە بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ قووڵایی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، لەپاش خۆپێشاندانە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە دروستبووە.

## سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی و هێرشەکانی ئێران

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدان، گەرەنتییەکی نافەرمی هەیە بۆئەوەی لانیکەم تا ماوەی ساڵێك گرووپە چەکدارییە شیعییەکان هێرش نەکەنە سەر هەولێر، هەڵبەت هێشتا دیار نییە کە بە هەبوونی کەتائیبی حیزبوڵڵا لە دەرەوەی حکومەت، سوودانی چەندە سەرکەوتوو دەبێت لە پاراستنی هەولێر لە هێرشی درۆن و مووشەك لە ناوخۆی عێراقەوە، بەڵام ئێستا پرسی سەرەکی ئەوانەیە کە لە ئێران و تورکیاوە دەگیرێنە هەرێمی کوردستان. تورکیاش سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆردوومان دەکات، بەڵام ڕادەی کاریگەریی ئەوانە لەسەر سەقامگیریی هەولێر کەمترە لەوانەی کە ئێران ڕاستەوخۆ بەنێو شارەکانیەوە دەنێت. لە ماوەی کەمتر لە 10 ڕۆژی ڕابردوودا ئێران سێ جار هێرشی کردووەتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، ئەوەش پاش ئەوەی لە 28ی سێپتەمبەری ئەمساڵدا هێرشی فراوانتری کردبوو.

حکومەتی ئێران سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانی ژینا کە لەو ڕۆژانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فراوانتر و جەماوەریتر بووە، هەم لە ناوخۆ ڕووی لە توندوتیژییەکی زیاتر کردووە، هەم لە سیاسەتی دەرەوەیشیدا گرژییەکانی زیاتر کردووە. لە سنوورەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان مانۆڕێکی سەربازیی کرد و گرژییەکانی لەگەڵ ئیلهام عەلیێڤ بردووەتە ئاستێکی بەرزتر. بە هەمان شێوە چەند جارێك بەرپرسانی ئێران هەڕەشەیان لە سعودیە و وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی بەریتانیاش، کردووە. هەر لەو چوارچێوەیەشدا مانەوەی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووەتە پاساوی شەپۆلێکی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە بۆ نزیکەی سێ دەیە دەڕوات لەگەڵ مانەوەی ئەوان لە هەرێمی کوردستان هەڵی کردبوو.

سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا هاوکاتیش بوو لەگەڵ بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشێلکارییەکانی سەروەری و، هاوتەریبە لەگەڵ هاوڕاییەکی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە. لە سەردەمی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدییەوە پرسی مانەوەی هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژەڤی حکومەتی عێراقدایە و محەممەد شیاع سوودانییش لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگدا لانیکەم سێ جار باسی ئەوەی کردووە کە "نابێت وڵاتەکەمان ببێتە سەرچاوەیەك بۆ هەڕەشەکردن لە وڵاتانی دیکە و ناشبێت هیچ وڵاتێکیش سەروەریمان پێشێل بکات." دیارە وەزیری دەرەوەی عێراقیش بە هەمان شێوە قسە دەکات و و زیاتر ڕستەی "نابێت لە خاکی عێراقەوە هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بکرێت" پێش دەخەن. ئەمەش دەتوانێت گوزارشتێك بێت لەوەی کە بە لەونێك، لانیکەم بەشێك لە پاساوەکانی ئێران قبووڵ دەکەن، هەرچەند دیدگایەکی جیاوازتر لە هەرێمی کوردستان هەیە. بۆ زیاتر لە سێ دەیە دەڕوات کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەڕی چەکدارییان دژی ئێران ڕاگرتووە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاندووە کە

> "هیچ بیانوویەک بۆ مووشەکبارانکردن و ناردنی درۆن بۆ هەرێمی کوردستان نابینین."
>
> نێچیرڤان بارزانی, سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ئەمەش بە دیوێکدا ڕەتکردنەوەی ئەو پاساوانەیە کە ئێران بۆ ڕەواییدان بە هێرشەکانی خۆی بەکاریدەهێنێت. بە ئەگەری زۆر، بارزانی هەوڵدەدات لەگەڵ سەرانی بەغدا خاڵێك بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە کە دەتوانێت هەم ئاسایشی هەولێر بخاتە مەترسی، هەم کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر بارودۆخی ئابووری و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانیش دابنێت.

## دیوی دووەمی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی

بێجگە لە سەردانێکی پرۆتۆکۆلی بەبۆنەی دەستبەکاربوونی کابینەکەی سوودانی، لەوانەیە لە هەنگاوی یەکەمدا سەردانەکەی بارزانی پەیوەندیی بە یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستانەی کورد لە حکومەتەوە هەبێت کە وەکو ئەنجامێکی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی، تاوەکو ئێستا پڕنەکراوەتەوە. خاڵی دووەم لەوانەیە بۆ بەدواداچوون بێت بۆ ئەو گفت و بەڵێنانەی کە بەر لە پێکهێنانی حکومەت بە کورد دراون. لێدوانی بەرپرسانی کورد وای پیشاندەدات کە ئەوان گەشبینن بەوەی سوودانی بەڵێنەکانی بباتەسەر. هەڵبەت کەمتر لە یەك هەفتەی دیکە، یەکەم تاقیکردنەوەی حکومەتەکەی سوودانی دەبێت سەبارەت بەو گفتانەی کە بە کوردی داون. بەگوێرەی ماددەی 15ی تەوەرە کردەییەکانی کارنامە وەزارییەکەی سوودانی بێت، پێویستە لە ماوەی یەك مانگ لەدوای پێکهێنانی حکومەت، لیژنەی باڵای ماددەی 140 چالاك بکرێتەوە و شایستە داراییەکانی ئەو کەسانەش خەرجبکرێت کە بڕیارەکانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەکە دەیانگرێتەوە.

هەر بەپێی کارنامەی وەزاری بێت، حکومەت تاوەکو دەرکەوتنی یاسای نەوت و گاز کە شەش مانگی بۆ دانراوە، خۆی لادەدا لەوەی کە هیچ رێکارێکی گرژکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا بگرێتەبەر، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندیی بە کاری کۆمپانیا نەوتییەکانەوە هەبێت لە هەرێمی کوردستان. بەڵام لە هەمان کاتیشدا چاوەکان لەسەر هەڵوێستی حکومەتەکەی سوودانین لەسەر ئەو سکاڵایەی کە عێراق لە دادگایەکی نێودەوڵەتی لە فەرەنسا لەسەر تورکیای تۆمار کردووە کە لەوانەیە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا ئاڵۆز بکاتەوە.

هەروەها باسەکانی تایبەت بە بودجەش دەتوانێت بابەتێکی هەنووکەیی بن، چونکە بەپێی کارنامەکە بێت، دەشێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان هاوئاهەنگی هەبێت بۆ ئامادەکردنی بودجە، ئەگینا بەشێکی زۆری گفت و بەڵێنەکانی سوودانی بۆ لایەنە کوردییەکان ماوەیەکی درێژتری وەك شەش مانگیان بۆ دانراوە تاوەکو دەرفەتێکی زیاتر بۆ دانوستاندن هەبێت.

## کۆتایی

هەرچەند سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك شتێکی ئاسایی بێتە پێش چاو، بەتایبەتی لەدوای پێکهاتنی کابینەی نوێی حکومەت، بەڵام ئەم سەردانە لە سێبەری هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمدواییەی ئێران کرا و ئەوەش، ئاماژە بە پرسێکی گرنگی ئاسایشی و سیاسی دەدات کە دەتوانێت رۆژەڤی سەرەکیی دانوستاندنەکانی لە بەغدا بێت. رەنگە هەرێمی کوردستان خوازیار بێت بە رێگەی یاساییەکەوە ئەو پرسە چارەسەر بکرێت کە لەوانەیە ئەگەر سازشی لەسەر بکرێت مەسەلەی مانەوەی هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەخۆبگرێت کە بەغدا لە ساڵی 2018وە دەیەوێت بیخاتە رۆژەڤ. لەوانەیە رەهەندێکی دیکەی سەردانەکەی بارزانی، پەیوەندیی بە حکومەت و گفت و بەڵێنەکانی سوودانی بە کوردەوە هەبێت کە بەتەمایە جێبەجێ بکرێن. هەڵبەت بەپێی دۆخی عێراق بێت، ئەستەمە بتوانێت هەموویان بباتەسەر.

رەنگە دانانی ئەجێندای سەردانەکەیشی بەو شێوەی کە زۆربەی سەرکردە گرنگەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی ببینێت، لەبەر ئەوە بووبێت کە سەرۆکوەزیران لە عێراق ناتوانێت خۆی بە تەنیا هەموو بڕیارێک جێبەجێ بکات.

Tweets by RudawR